کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-8-2007 1:15

## ئەستەمبووڵ.. مۆدێلێکی جیاوازی جیهانی ئیسلامی.. !! مەریوان نەقشبەندی

هەرچەندە نەمتوانی نمونەی هەموو شارەکانی تورکیا وەربگرم بەڵام بەحوکمی ئەوەی پایتەختی



گەورەترین ئیمپراتۆریەتی (ئیسلامیی) جیهان بوە کە بەناوی ئیسلامەوە بۆ سەدان ساڵ حوکمی دەیان وڵات و نەتەوەی سەر ڕوی زەوی کردوە، (ئەستەمبوڵ) دەکەمە واجیهەی ئەم نووسینە و هەوڵ دەدەم ئەمانەتی ڕۆژنامەنووسیی لەم بابەتەدا بپارێزم چونکە پێشبینی دەکەم ئەم بابەتەش وەك هەندی لە نووسینەکانی پێشووم ببێتە مایەی سەرهەڵدانی حەساسیەت و پەیداکردنی چەندین جۆری گومان لەئامانجی نووسینەکە، بۆیە ئەمجارەش پێش خوێنەر دەکەوم و دەڵێم خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی لەکلتوور و سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و تەنانەت لەشێوازی عیبادەتی گەلانی سەر ڕوی زەوی شارەزابێت بۆ ئەوەی لەڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا سوودی لێوەربگرێت.

بۆ یەکەم جار لەژیانمدا سەردانی تورکیام کرد و زۆربەی کاتەکانی مانەوەم لەم وڵاتە لەشاری ئەستەمبوڵ بوو، بەبینینی ئەو هەموو مزگەوتە چاوەڕێم دەکرد زۆربەی خەڵکی شارەکە موسڵمانی ئێجگار موحافیزکاربن و خێرا ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ئەم دواییەی تورکیام وەبیر هاتەوە و لەدڵی خۆمدا گوتم لەوانەیە لەئەستەمبوڵدا حزبی عەدالە و تەنمیە خاوەنی گەورەترین جەماوەر و ئەردۆگانیش خۆشەویسترین کەسایەتی سیاسی تورکیا بێت، بەڵام لەراستیدا ئەم بیرکردنەوەیەم هەڵەبوو، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەستەمبووڵ ئینتیمای ئیسلامی یان حزبیان نیە بەڵام لەلوتکەی ئینتیمای نیشتمانیدان، ئەوپەڕی ئیلتیزام بەیاسا و دەستووری وڵاتەکەیان دەکەن، خاوەنی عەقڵیەت و فەلسەفەیەکی ئابووری و گەشتیارین کەرەنگە لەکەم شاری جیهاندا هاوشێوەی هەبێت، لەسەرتاسەری شاری ئەستەمبوڵدا وێنەیەکی ئەردۆغانم نەبینی، دروشمێکی حزبی عەدالە و تەنمیەم نەبینی لەکاتێکدا سەردانەکەی من بۆ ئەم وڵاتە دوای چەند ڕۆژێك بوو لەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە حزبی عەدالە و تەنمیە و ئەردۆغان لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەدا بەدەستیان هێنابوو، تەنانەت لەلاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ناو ئەم شارەدا بەدەگمەن هەواڵێك یان وێنەیەکی ئەردۆگانی سەرەك وەزیران و حزبەکەی دەبینرا،

ئەستەمبوڵ ئەگەرچی ساڵانە لەوەرزی هاویندا نزیکەی دوو ملیۆن گەشتیار لە سەرتاسەری جیهانەوە رووی تێدەکەن بەڵام تەنها 5%ی ئەو ژمارەیە لەوڵاتانی ئیسلامیەوە دێن بۆ ئەم شارە کە بەهەموو پێوەرەکان ڕەمزێکی گەورەی جیهانی ئیسلامی و پایتەختی بەدەسەڵاتترین ئیمپراتۆریەتی (ئیسلامی) بووە، ئەمەش بوە جێگای سەرسووڕمان لەلای من و بڕیارمدا بەیاوەری وەرگێڕێك کە هەموو کون وقوژبنی ئەستەمبووڵ شارەزابوو، سەردانی زۆربەی مزگەوت و شوێنە جیاجیاکانی ئەم شارەبکەم و گفتوگۆیەکی زۆریشم لەگەڵ خەڵکی ئەم شارە و گەشتیارە موسڵمانەکانی شارەکەدا کرد و بەوێنەی ڤدیۆ و فوتوگرافیش زۆربەی گفتوگۆ و سەردانەکەم لەئەرشیفی خۆم دیکۆمێنت کردوە،

بەگوتەی خەڵکی شارەکە 95%ی دانیشتوانی ئەسڵی ئەستەمبووڵ موسڵمانن، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەهەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەیدا بەدیار ناکەوێت و ئەوەی شارەکەی نەدیبێت ڕەنگە بەبەشێك لە (پاریس) یان (ئەمستردام) یان (لاس فیگاس) حسابی بکات، هەندێك لەوڵاتانی ئیسلامیش ئەستەمبوڵ بەشاری (فسق و فجور) دەزانن، کەچی لەناوەڕۆکدا وانیە و ئیلتیزاماتی ئیسلامی لەناو خەڵکدا هەستی پێدەکرێت بەڵام بەشێواز و مۆدێلێکی تایبەتی و جیاواز کە ڕەنگە لەلای ئێمە جێگای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرسوڕمان و نیگەرانیش بێت، موسڵمانانی تورکیا (ئەوانەی من لەناو مزگەوتەکان و شوێنەکانی عیبادەتدا بینیم و قسەم لەگەڵداکردن) بەجلوبەرگی عیبادەتەوە پابەند نین و زۆربەی ئافرەتەکانیان بەدەر لەو حیجابەی کە لەقورئانی پیرۆزداهاتوە، نوێژ و خوداپەرستی دەکەن، پیاوەکانیش بەشێوازێکی جیاواز فەرزە ئیسلامیەکان جێبەجێ دەکەن، بەڵام عیبادەت و نوێژی ئافرەتە موسڵمانەکانی ئەستەمبووڵ ئێجگار سەرسووڕهێنەربوو، لەپاڵ ئەوەشدا مزگەوت لەتورکیا و بەتایبەتیش لەئەستەمبوڵ کەژمارەیەکی ئێجگار زۆری تێدایە، تەنها بۆ مەبەستی عیبادەت بەکارنایەت، بەڵکو بۆتە جێگای گەشتیاری و ڕەمزی هەیبەت و نەتەوایەتیش، لەهەندی شوێنیشدا جێگای پەیداکردنی پارە و بژێوی ژیانە و چەند جێگایەکی ئەو مزگەوتانە دەبی بەپارە بیانبینیت، زۆربەی ئەو ئافرەتە موسڵمانانەی ئەستەمبووڵ یان ئەو گەشتیارە موسڵمانانەی سەردانی مزگەوتەکانی ئەستەمبووڵ دەکەن و تیایدا لەخوا دەپاڕێنەوە جلوبەرگی نیمچەرووتیان لەبەردایە و بەپێوەری خوداپەرستی و ئەو تەفسیرەی ئێمە لەقورئانی پیرۆز تێگەیشتوین دەبی عیبادەتی موسڵمانەکانی ئەستەمبووڵ لەناو مزگەوتەکاندا قبوڵ نەبێت و جلوبورگەکانیشیان شەرعی نەبێت، بەڵام کاتێك لەرێگای وەرگێرەکەمەوە گفتوگۆم لەگەڵ چەند ئافرەتێکی ناو مزگەوتەکەکرد (ئەوانەی بەجلی نیمچەڕووتەوە قورئانیان دەخوێند و لەخوا دەپارانەوە)، زۆر بەهێمنی و بە جۆرێك لە دڵنیاییەوە پێیان گوتم: پۆشینی حیجاب بۆ ئافرەت بەمەبەستی رێگاگرتنە لە سەیرکردن و تەماعی جنسی لەلایەن پیاوەوە، ئەمەش وەك خۆت دەبینی لێرە بوونی نیە و لێرە جلوبەرگەکانمان هەرچۆنێك بێت کەس سەیری کچ و ئافرەت ناکات و جلوبەرگەکان هەمووی لەم وەرزەدا هاوینەن و ئەوەش وادەکات نەزەرکردن وجوودی نەبێت و زۆر ئاساییە بەهەر جلوبەرگێکەوە عیبادەت بکەیت، هەندێکیشیان دەیانگوت عیبادەتی راستەقینە لەناخەوەیە و نییەت و خواستی مرۆڤ بەرامبەر بەئاین و عەقیدە و خوای گەورە حسابە وهەرگیز جلوبەرگ نابێتە رێگر لەبەردەم دروستکردنی پەیوەندیەکی رووحی لەنێوان موسڵمان و خوای گەورەدا،

لەئەستەمبووڵ لە ئوتێلێکدا نیشتەجێبووم کە لەسەر کەناری دەریابوو، نەمدەزانی ئەو کەسانەی لەو ئوتێلەدا دابەزیون موسڵمانن یان نا بەڵام دیاردەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرم بینی کەبەم شێوەیەبوو: لەهۆڵی پێشوازی ناو ئوتێلەکە پێش نوێژی عیشا لەگەڵ چەند عیراقیەك کە لەسەفەرەکەمدا بۆ ئەستەمبووڵ هاورێم بوون چاوەرێی شاندێکی رەسمی بووین، لەتەنیشتماندا کچێك لەسەر مێزێکی دیکە دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا و مەشروبی دەخواردەوە چەند جارێك بەتەلەفوون قسەی دەکرد کە بەزمانی مەغریبی عەرەبی بوو، جلوبەرگی کەناری دەریای لەبەردابوو، کورێك هات بۆلای و دوای ماچکردنێکی عاشقانە، هەردوکیان لەسەر مەشرووب و جگەرەکێشان بەردەوام بوون هەتا گوێمان لەدەنگی بانگی عیشا بوو لەمزگەوتێکەوە کە تەنها (100) مەتر لەئوتێلەکەمانەوە دوور بوو، کچەکە دەستی لەمەشروب و جگەرەکێشان هەڵگرت و بەرەو قوژبنێکی هۆڵەکە رۆیشت و بەرماڵێکی (دوگورد) هێنا و نوێژی عیشای کرد و زۆر بەحەماسەتەوە لەخوای گەورە دەپارایەوە کە لەژیاندا بەختەوەر و لەودنیاش بەبەهەشتی شاد بکات، دوای ئەم عیبادەتە سەرسوڕهێنەرە کچەکە گەرایەوە سەر مێزەکەی خۆی و دەستی بەمەشروب خواردنەوە و جگەرەکێشان کردەوە، زۆر حەزم دەکرد گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەو کوڕ و کچە بکەم بەڵام ئەو عیراقیانەی لەگەڵ مندا دانیشتبوون تەنانەت گفتوگۆکردنیشیان لەگەڵ ئەو کوڕوکچە بە نادروست و ناشەرعی دەزانی بۆیە بەوەرگێرەکەی یاوەرم گوت لەسەر ئەو شێوازی عیبادەتەی قسەی لەگەڵدا بکات و سەرسوڕمانی منیشی پێڕابگەیەنێت، ئەویش دوای گفتوگۆیەکی کورت گەرایەوە لام و پێی گوتم:ئەو کچە (موسڵمانە) و خەڵکی شاری (دار ولبەیزا) یە لەمەغریب و زیاتر لە چوار ساڵە لەفەرەنسا دەژی و ئێستا لەگەڵ هاورێیەکیدا بۆ گەشتوگوزار هاتونەتە ئەستەمبووڵ و زۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پابەندە بە نوێژ و خوداپەرستیەوە و لەسەر پرسیاری چۆن نوێژ دەکات بەبی دەستنوێژ و لەدوای مەشروب خواردنەوە!!؟؟بەوەرگێرەکەی گوتوە:دەتانەوی وەك کچەکانی ئێران و سعودیە هەڵسوکەوت بکەین و نوێژ و عیبادەتیش لەتاریکیدا بکەین؟؟!!ئەوە چ عەقڵیەتێکە ئێوە هەتانە؟؟بەم رستەیە کۆتایی بەقسەکانی کچەمەغرییبە (موسڵمان) ەکە هات.

لەدرێژەی سەردانی ناوچە جیاجیاکانی شاری ئەستەمبووڵ سەردانی مەزار و تەکیەی حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندیم کرد کە بەشێخ عوسمانی بیارە ناسراوە و دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای شاری ئەستەمبووڵ لەنزیك سنووری (تورکیا – بولگاریا) یە، ئەم تەکیەیە جێگای سەرنج و زیارەتی هەزاران کەسە وبەردەوام خەڵکی مورید و هەواداری تەریقەتی نەقشبەندی و تەسەوفی تێدایە و هەموو خواردن و حەوانەوە و خزمەتێك لەم تەکیەیەدا بەخۆراییە و هەستم نەکرد کەسێك لەو شوێنەدا دیاردەیەکی ناسروشتی و بەدەر لەخوداپەرستی و پارانەوە باس بکات، چەند ساڵێك لەمەوپێش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پەنابەری کورد و موسڵمان تیایدا حەوێنراونەتەوە و لەوێوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا رۆیشتوون، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە روخێنراوە و تێك و پێك درابوو، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی بچوکتر دروست کراوەتەوە و بەسەدان کەس لەچەندین وڵاتی ئیسلامیەوە هاتبوون بۆ زیارەت و یەکێك لە کارگوزارەکانی ئەو تەکیەیە پێی راگەیاندم کە چەند رۆژێك لەوەبەر نوێنەری حزبی عەدالە و تەنمیەی تورکیا هاتوون بۆ سەردانی تەکیەی ناوبراو و یەکێك لە خەلیفەکانی شێخ عوسمانی بیارە لەوی بووە و سوپاسگوزاری حزبی عەدالەو تەنمیە و شەخسی ئەردۆگانی بە مورید و هەوادارانی شێخی نەقشبەندی گەیاندوە کە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا رۆڵێکی گەورەیان هەبوە لە کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی ناوچەجیاجیاکانی تورکیا بۆ حزبی عەدالەو تەنمیە کە لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر پارتە نەتەوەییەکانی تورکیا بەدەست هێنا، بەڵام زۆر هەوڵمدا کە بزانم موریدانی شێخی نەقشبەندی لەتورکیا بەچ شێوازێك توانیویانە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە دروست بکەن؟؟!!چونکە ئەوەی من لە رێرەوی تەریقەت و تەسەوف و خواستی شێخانی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی تێگەیشتبم هەمیشە ئەوان لەدەرەوەی سیاسەت خزمەتیان کردوە و لەدەرەوەی کوردستاندا رۆڵی سیاسیان نەبینیوە. بەڵام جگە لە نارەزایی موریدەکانی نەقشبەندی بەرامبەر روخانی تەکیەی شێخ لەئەستەمبووڵ لەلایەن نەتەوەپەرستەکانی تورکیاوە، هیچ هۆکارێکی دیکەم شك نەبرد،

رەنگە سەرنجراکێشترین دیمەن لەشاری ئەستەمبوڵدا نەبوونی یان کەمیی پۆلیسی هاتوچۆ و خزمەتگوزارەکانی شارەوانی بێت، لەسەرتاسەری ئەوشارەدا چوار پۆلیسی هاتوچۆم نەبینی، ترافیکلایتەکان بەبی پۆلیس بوون، کەچی سەرەرای ئەو هەموو ئوتومبیلە زۆر بەدەگمەن سەرپێچی لەو شارەدا دەبینیت، رێژەی شۆفێرە ئافرەتەکان لەئەستەمبوڵ ئێجگار زۆرە و لەپیاوان زیاترە، سەبارەت بە کارگوزارەکانی شارەوانی پرسیارم لە هاووڵاتیەکی دانیشتووی شارەکە کرد گوتی خەڵك لێرە زبڵ و پاشەرۆ فڕی نادەنە سەر شەقام و کۆڵانەکان، هەموو کەس هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و پاکوخاوێنی بەبەشێك لەسەرچاوەی داهاتی خەڵکەکە و وەك ئاسایشی نەتەوەیی حسابی بۆ دەکرێت، ئەمەش وادەکات پێویستمان بە خزمەتگوزاری گەرۆك نەبێت لەسەر شەقام و کۆڵانەکان،

دانیشتوانی ئەستەمبوڵ سەرەرای ئەوەی موسڵمانن و رێزێکی زۆریش لەیاسا دەگرن بەڵام زۆر بەدەگمەن کارێکی بێبەرامبەرت بۆ دەکەن، لیترێك ئاوت بەبی پارە نادەنی ئەگەر بزانن لەتینوان دەمریت و هیچ پارەشت پێنیە، تەنانەت سەردانی هەندێك توالێتی مزگەوتەکان بۆ دەستنوێژ یان بەشێوەیەکی ئاسایی بەپارەیە، خەڵکی ئەستەمبوڵ رۆشنبیرترین دانیشتوانی تورکیای تێدایە، بەشێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زۆر لەخاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارە گەورەکانی کوردن، بەڵام بەبی ئەوەی هەست بەهیچ ئینتیمایەکی کوردایەتی بکەن، ئاڵای تورکیا و وێنەکانی ئەتاتورک دیارترین دیمەنەکانی ئەستەمبوڵن، هەندێك لەنەتەوەپەرستەکانی تورکیا لەئەستەمبوڵ دەیانەوێت تەحەدای سەرکەوتنی حزبی عەدالەوتەنمیە بکەن کە تێروانینێکی ئیسلامیان هەیە و زۆر جار بەشێوەیەکی عەمدی هەڵسوکەوتی ئەوروپیانە دەکەن و خاوەنی ئەو ئوتێلەی کەتیایدا نیشتەجێ بووم گوتی لەدوای سەرکەوتنی حزبە عەدالە و تەنمیە لەهەڵبژاردنەکانی تورکیا، هەندێك لە سەرمایەدارەکانی ئەستەمبووڵ بۆ ئیستیفزازکردنی ئیسلامیەکان ژمارەی مەلها و یانەکانی شەویان زیادکردوە و ئاسانکاری زیاتریشیان بۆ بەئەوروپیکردنی ژیانی ڕۆژانە کردوە کە لەلای ئیسلامیەکان بە (بەدڕەوشتی) ناودەبرێت،

هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە دەزانن کە ئەردۆگان واریسی نەجمەدین ئەربەکانە، بەڵام خەڵکی تورکیا زۆربەی حزبە نەتەوەیی و عەلمانیەکانی وڵاتەکەیان تاقیکردۆتەوە و دەنگیشیان بۆ داون کەچی نەیانتوانیوە تورکیا لەقەیرانە سیاسی و ئابووریەکان ڕزگار بکەن، بۆیە دەبینیت ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی ئەستەمبوڵ کە بە (زۆرینە بێدەنگەکە) ناسراون، وەك تۆڵەسەندنەوە یان وەك تەمبی کردنی سیاسەتوانە عەلمانی و نەتەوەییەکان، لەم ساڵانەی دواییدا دەنگیان بە حزبی عەدالە و تەنمیەی ئیسلامی دا کە تەنها لە جلوبەرگی ئافرەتەپەرلەمانتار و خێزانەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵا گویل هەست دەکەیت ئەوانە حزبی ئیسلامین ئەگینا ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لەم ساڵانەدا دەنگیان بە حزبی عەدالەوتەنمیە داوە ئیلتیزاماتی ئاینیان نیە و تەنانەت ئافرەتە سفور و هەندێك لە (لەشفرۆشەکان) ی ئەستەمبوڵیشیان تێدایە.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.